**مامۆستا جەعفەر**

# هەرێمی کوردستان و تورکیا

## خوێندنەوەیەکی تر بۆ کێشەی سنوور

**٢٠٠٨**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ ئەندازیاران ـ ١٠٥
کۆڵانی٣٢
ژ.خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

**ناوی نامیلکە:** هەرێمی کوردستان و تورکیا
**نووسینی:** مامۆستا جەعفەر
**نەخشەسازیوبەرگ:** فەهمی جەلال
**تایپ:** هەرێم جەزا
**چاپی یەکەم/** ٢٠٠٧ سلێمانی
**تیراژ:** (١٠٠٠) دانە
**چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
**ژمارەی سپاردن:** ( ١١) ساڵی ٢٠٠٨
**ژمارەی زنجیرە:** (٢٥١)
لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی ٢٠٠٨

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پێشەکی

لەکۆتایی مانگی ئۆکتۆبەرو سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر (ت١ و ت٢) ساڵی ٢٠٠٧لەنێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی تورکیادا، کێشەیەکی سنوری ـ سیاسی ـ کولتووری ـ نەتەوەیی ڕوویدا. ئەم گرژیو ئاڵۆزییە، لەتەقینەوەیەکی گشتی بێ سنوورەوە بۆ کێشەیەکی (ناوخۆیی) تورکیا، سنوردار کرا. هێزی ئاسمانی تورکیا، ژمارەیەك دەرچوونو بۆمبارانو دەستدرێژی کردە سەر ناوچە سنوورییەکانو زیانی گەورەی بەدانیشتوانی ئەو ناوچانە گەیاندو ژیانی ئاسایی لێ تاڵ کردن. بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە، سەرانسەری هەرێمی کوردستانی نەگرتەوەو تەڕو وشك پێکەوە نەسوتێنران.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەم سێ نووسینە وەکو زنجیرەیەکی کورت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردەوە. پاشان ڕۆژنامەی (الصباح الجديد) کە لەبەغدا بڵاودەبێتەوە بۆ عەرەبی وەریگێڕاو لەماوەی جیاجیادا بڵاوی کردەوە. مەبەست لەبڵاوکردنەوەی ئەو سێ گوتارە، هەوڵدانی خوێندنەوەیەکی جیاواز بوو بۆ کێشەی نێوان هەرێمی کوردستانو دەوڵەتی تورکیا.

بەداخەوە، بەشێك لەنوخبەی سیاسیو ڕووناکبیری کورد، لەسەر خۆزلکردنو خەڵك چکۆلە کردنەوە ڕاهاتوون، هەندێك دەیەوێت شاخی هیمالایاو ئەلپو کیلمنجارۆ بەگردۆڵکەو تەپۆلکە ببینێتو بەئۆقیانوس بڵێت: ((تنۆکە)). تێگەیشتنی جەنگەڵی پەیوەندی نێودەوڵەتیو دیپلۆماسی وەکو خۆی، ڕەنگە ((بڕەك)) یارمەتیمان بدات، گوتاری سیاسیو ڕاگەیاندن، ئێستاو داهاتوومان نەکاتە قوربانی ((دروشم))و گوتاری ((شۆڕشگێڕانە))ی ئاگرین.

دروشمی سەرکردایەتی سیاسی لەکاتی ڕووداوەکاندا، لەیەك خاڵدا چڕکرایەوە، کە پێویستە کێشەکە لەگەڵ تورکیادا، تەشەنە نەسێنێت، بەشێوەیەکی ئاشتیانەو دیپلۆماسیانە چارەسەرێکی عادیلانەی بۆ بدۆزێتەوە. هەر سیاسەتێك گرەو لەسەر لوولەی تفەنگو باروتو ڕقو دوژمنایەتی دانێت، ناتوانێت: براوەو سەرکەوتوو بێت. هەر سیاسەتێك بیەوێت بەپەرەپێدانی ئاگری هەڕەشەو شەڕخوازی، بەئامانجو مەبەستی دیاریکراوی خۆی بگات، هەر زۆر زوو تووشی هەڵەنگوتنو تێکشکان دەبێت. گەلێکی بچووکی هەژاری داگیرکراوی، لەتلەتکراو، دەبێ ڕادەی چالاکیو کاری دیپلۆماسی، هەر زۆر لەگەلانی تر بەرزتر بێت. گەلێکی خاوەن دەوڵەتی دەوڵەمەندو گەورە، ئەگەر هەڵەو کەموکووڕی هەبوو، لەسەری نابێتە ماڵو کەس ناتوانێ بیخاتە ژێر گیزو گازەوە. گەلێکی بچووکی، بێ دەوڵەت، لەسەر هەڵەو کەموکووڕی خەڵکی تریش، ناچاری گومرگو باجدان دەبێتو بەگران لەسەری دەوەستێت.



ئازایەتی سەرکردایەتی سیاسی، بەئامادەیی بۆ سەرچڵبازی عەسکەریو موغامەراتی هەرزەکارانە ناپێورێت. بەپێچەوانەوە، دەبێ پێوەری کۆمەڵانی خەڵکو چەپڵەلێدانی ئەوان بۆ سەرکردایەتیەك بێت، لەئاگرە سوورەی شەڕو کارەسات بیانپارێزێت. سەرکردایەتیەك دادپەروەری کۆمەڵایەتیو گەشەکردنی ئابووری بهێنێتە دی، ئەوە ئازایەتیو بوێریو دڵسۆزیە. سەرکردایەتیەك دەستکەوتو چارەنووسی گەلێك بەهەند وەرنەگرێت، دوور نییە ئەو سەرکردایەتیە خۆی تووشی شکستو کارەسات نەکات.

ئەم نامیلکەیە دەیەوێت کێشەی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا، دوور لەگرژیو دەمارگیری ببینێت، بەهیوای ئەوەی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوورگەی دیموکراتیو ئاشتیو پێشکەوتن بێت.

مه کتەبی بیروهۆشیاری

# کێشەی سنوری تورکیا لەڕوانگەیەکی دیپلۆماسییەوە



مه کتەبی بیروهۆشیاری

## ئاستی کاری دیپلۆماسی ڕۆژئاوایی

لەدەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکانی جیهاندا، زمانی دیپلۆماسی هەر زۆر پێشکەوتووە. مەسەلەکە تەنیا زمان نییە، بەڵکو سەرجەمی داوو دەزگاکانی وەزارەتی دەرەوە، تۆڕێکی بەش بەشکراوی، پێکەوە گرێدراوی، شارەزاو پسپۆر، سەرەداوەکانیان بەدەستەوەیەو هەر بەشە بەرپرسیاری زانیاریو ئاگایی ڕووبەرێکی جوگرافیەو کەس سنووری دیاریکراوی خۆی تێناپەڕێنێت.

گروپو تیمی کار پاش ڕاهێنانو سەلماندنی شارەزاییو لێزانیو پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە، ئینجا بۆ ئەو بەرپرسیارێتیە دەپاڵێورێنو پاشان دادەمەزرێنو ئەرکیان پێدەسپێردرێت. سەرجەمی ئەوانەی لەبواری دیپلۆماسیدا کار دەکەن، بەبەردەوام دەبێ، زانیارییەکانیان، لەڕێگەی پرۆفیسۆرو کەسانی پسپۆڕی دەرەوەی ڕایەڵی دیپلۆماسی نوژەن بکەنەوە. پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانی بواری پەیوەندییە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

نێودەوڵەتیەکان، جارێکیان باسی ئەوەی بۆ کردم، کە دوو ساڵ جارێك بۆ ماوەی دوو هەفتە، سەرجەمی باڵیۆزەکانی ئەڵمانیا بۆ پایتەخت بانگ دەکرێن‌و بەچڕی ژمارەیەك مامۆستاو پڕۆفیسۆر سیمینارو ۆرك شۆپ‌و کۆڕیان بۆ دەگێڕن. وەزارەتی دەرەوە، بەم کۆڕو سیمینارە دەیەوێت، باڵیۆزەکانی بەوردی لەگۆڕانکاریە نوێکانی ناوچە گەرم‌و ئاگراویەکانی جیهان ئاگادار بکاتەوە. وەزارەتی دەرەوە، ئەو ڕاستیە چاك دەزانێت، باڵیۆز، بەگشتی، لەبواری پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا، بڕوانامەی دکتۆرای هەیەو چەندین ڕاهێنانی تایبەتی بینیوەو بەلای کەمەوە، دوو سێ زمان دەزانێت. بەڵام ئەو ڕاستیانە، ڕاستیەکی تر ئاوەژوو ناکەنەوە، کە جیهان لەگۆڕاندایەو هیچ شتێك وەکو خۆی نامێنێتەوە. پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانی ئێستا، مەرج نییە تا دوو ساڵی کەش هەروەکو خۆی بێت: جیهانی ساڵی ١٩٨٨ دوو پۆل‌و دوو جەمسەر بوو. ساڵی ١٩٩٠ یەك بلۆك‌و یەك پۆل خۆی خواردەوەو لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا



مەکتەبی بیروهۆشیاری

یەك زلهێز مایەوە. ڕۆژێك پێش ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ جیهان جۆرێك بوو، پاش ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ جیهان‌و بەتایبەتی ئاستی ئاسایشی نێو دەوڵەتی، بەتەواوی گۆڕا.

لەدەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکاندا، پرنسیپ‌و هێڵی سیاسی‌و دیپلۆسی نەگۆڕ هەیە. گۆڕانی وەزیری دەرەوە، بەمور کار ناکاتە سەر پەیوەندی دەرەوە. ڕەنگە وەزیر بتوانێت سکرتێرێك، یان ڕەنگی مێزو کورسیەکان بگۆڕێت، بەڵام ناتوانێت لەوەزارەتی دەرەوەدا، پەردو ڕایەڵەکان سەروبن بکاتەوەو سەردەمێکی نوێ دابهێنێت. میزاجی شەخسی‌و سۆزو بیرو باوەڕی سیاسی، دەبێ وەلاوە بنرێت‌و دەبێ وەزیرەکە خۆی لەگەڵ هێڵە بینراوو نەبینراوەکانی سیاسەتی دەرەوەدا بگونجێنێت. بۆ نموونە:

گرنگی یەکەم لەسیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا، پەیوەندیە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. پلەی دووەم لەپەیوەندی دەرەوەی ئۆروپایە. گرنگی پەیوەندی پلەی سێیەم ژاپۆنە. پەیوەندی لەگەڵ روسیادا پلەی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

چـوارەمە. وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم لای ئەڵـەمانیا پلـەی حەوتەمو هەشتەمن.

## سیاسەتی دەرەوەی سەوزو پرەنسیپی نەگۆڕ

هەرکەسـێك لەئەڵـەمانیادا پۆسـتی وەزیـری دەرەوەی پێسپێردرابێت، ئەو کەسە بیروباوەڕو هەڵویستی حزبەکەی لەبـەردەرگی وەزارەت، لەگـەڵ چـەترو شـەبقەو پـاڵتۆ هەڵواسیوەو ئینجا چۆتە ژوورەوەو لەپشت مێزەکەی خۆی دانیـشتووە. هـانز دیتریـش گینـشەر، کـە بـۆ ماوەیـەکی زۆر دوورو درێـژ وەزیـری دەرەوە بـوو، یـەکێك لەسـەرکردەی لیبراڵەکان بوو. ئەو نەیتوانی وەزارەتی دەرەوە زەرد بکاتو نـەیتوانی هێڵـە سـەرەکیەکانی سیاسـەتی دەرەوە بگۆڕێـت. ئەو، سەرەتای نەوەدەکان، لەسەر کێشەی کورد، رەخنەیەکی ئاراسـتەی حکومـەتی ئەنقـەرە کـرد. پـاش ماوەیـەکی زۆر کـورت ناچـاری دەسـت لەکارکێشـسانەوە کـرا، بـەبیانووی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئـەوەی بـاری تەندرووسـتی بـاش نییـە. بـەڵام هـۆی دەسـت لەکارکێشانەوەی، بەڕەسمی نەخرایە بەردەم میدیا.

یۆشکافیـشەر، سـاڵی ١٩٦٨ یـەکێك بـوو لـەو گەنجانـەی سـەرکردایەتی خۆپیـشاندەرانی دژی سیاسـەتی حکومـەتی ئەوکاتـەی دەکـردو لەشـەڕە بـەردو دەسـتەو یەخـەبوونو پەلاماری پۆلیسدا، لەپێشی پێشەوە بوو. کۆتایی حـەفتاکان، یـەکێك بـوو لـەناوەدیارەکانی سـەوزەکان. ئـەو کاتێـك بـووە وەزیری ژینگـەی هـەرێمی (هێـسن) بـە قەمـسەڵەی چەرمو پانتۆڵی جینزی شینو پێڵاوی (تۆن)ی سپیەوە، پۆسـتەکەی وەرگـرت. ئـەو کاتـە خـەڵك، چـەپڵەی بـۆ لێـدەدا. جلـەکانی ئێستا لەموزەخانـەی هێـسن دانـراونو بەشـێکە لەمێـژووی سەوز.

سـەوزەکان پـێش سـاڵانی ١٩٩٨ دەیـانگوت: ئەگـەر ئێمـە وەزارەتـی دەرەوە وەربگـرین ((سیاسـەتێکی سـەوز)) لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی دەگرینـە بـەر. فۆلـار ئـەو کاتـە تـازە نامـەی دکتۆراکـەی لەسەرچـەمکی ((سیاسـەتی سـەوز))

نووسیبوو. ئەو لەوێ پێشنیاری کردبوو، کە باڵیۆزخانەکانی ئەڵەمانیا دەبێ: بایەخ بەپارێزگاری مافی مرۆڤو ژینگە بدەن. هەر باڵیۆزخانەیەك دەبێ، نەك تەنیا ئەتاشێ (ملحق)ی بازرگانیو سەربازیو کولتووری هەبێتو بەس، بەڵکوو ئەتاشێی مافی مرۆڤو ژینگەشی بخرێتە سەر.

سالّی ١٩٩٨ـــ ٢٠٠٤ یۆشکافیشەر، وەزیری دەرەوەی ئەڵەمانیاو جێگری کانسلەر بوو. فۆلماری هاوڕێیشی پلەی سکرێتری دەوڵەتی Staatssekret?r (کە پلەی وەزیرە) لەوەزارەتی دەرەوە، پێسپێردرا. بە هەردووکیانەوە، سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە سەوز بکەن. میکانیزمو سروشتی کارو هێڵی سەرەکی لەکاری دیپلۆسیدا شتێکە، بیروباوەڕو بۆچوونو سۆز شتێکی تر.

جارێکیان سەرەتای سالّی ١٩٩٩ هەفتەنامەی دی تسایت Die Zeit کە هەفتەنامەیەکی بەناوبانگو قورسو گرانی ئەڵمانیایە، گفتوگۆیەکی دوورو درێژی لەگەڵ یۆشکافیشەر



بڵاوکردبووەوە. یەکێك لەپرسیارەکان ئەوە بوو: ئەو کابرایەکی سەوزو چەپەو چۆن لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا خۆی دەگونجێنێت، کە ئەو ساڵانێك دژی ئەو سیاسەتەبووە؟ ئەو لەزۆر خاڵدا بەرسیڤی ئەوە بووە، کە دەتوانێ زۆر بەچاکی تەنیا بەرژەوەندی ئەڵمانیاو پرەنسیپەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لەبەر چاو بگرێتو هەرچی بیروبۆچوونو هەڵوێستی چەپو سەوزی خۆی هەیە، دەبێ جیابکرێتەوە.

سەردانەکەی مەلیك عەبدوڵلا بۆ بەرلین ٢٠٠٧/١١/٨ برێك سەرووی وێنای دیپلۆسی ئەڵەمانەکان بوو! ئەوان چاوەڕوانی دە بیست کەسێکیان کردبوو، کە بەفڕۆکەیەکی مەلەکی لەبەرلین بنیشنەوە. جۆرج بۆشو سارکوزیو گۆردن براون هەر وادەکەن. مەلیك عەبدوڵلا بە یانزە فڕۆکەوە لەفڕۆکەخانەی بەرلین دابەزیبوو. سەد ئۆتۆمۆبیلی لیمۆزینی ڕەش، شەقامەکانی بەرلینی داگیر کردبوو. یاوەرانی مەلیك، هەموو بە عاباو عەگاڵو

کراسەوە، سەرۆك كۆماری ئەڵەمانیا پێشوازی لێ كردن. یەكێك لەكەناڵە ئاسمانیەكان پرسیارێكی ئاراستەی سەرۆكی بەشی پرۆتۆكۆل كرد، كە چۆن جێگەو ڕێگەی شاندی سعوودی ٤٠٠ چوار سەد كەسی دەكەنەوە؟

ئەویشی گوتی: ئێمە تەنیا بەرپرسیارین لەمیوانی شاندی ڕەسمی، بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەكەین. ڕۆژنامەوانەكە هەر دەستی لەیەخەی سەرۆكی بەشی پرۆتۆكۆل نەدەكردەوەو هەر دەیەویست بۆ بەرسیڤێكی سەیر رایبكێشێت: ئەی ئەو ژمارە زۆرە لەكوێ جێگەیان بۆ دەكەنەوەو چۆن پێشوازیان لێ دەكەن؟ ئەو گوتی: شاندەكەی جەنابی مەلیك لەلایەن ئێمەوە پێشوازی دەكرێت. ئەوەكانی تر، پایتەخت لەخزمەتیاندا دەبێت‌و دەتوانن كاتێكی خۆش لەوڵاتەكەماندا بەسەر بەرن..



## ئازادی ڕاگەیاندن‌و پەیامی شێواو

كوردستانی باشوور تا ساڵی ١٩١٨ بەشێك بوو لەتێریتۆری Territory (خاك) دەوڵەتی عوسمانی. ئەم دەوڵەتە ساڵی ١٩٢٣ بەڕەسمی هەڵوەشایەوەو كۆماری توركیا لەسەر ڕووبەرێكی دیاریكراوی ئەو خاكە دامەزرا، بەپایتەخت‌و سنوورو سیستمی سیاسی جیاوازەوە، كە هیچ (بەردەوامبوون)ی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی كۆندا نەهێشتەوە. ویلایەتی مووسڵ، بەزۆر، بەدەوڵەتی نوێی عیراقەوە گرێدرا، كە دەوڵەتی بریتانیا سەرپەرشتی دەكردو كار ئاسانی بۆ دەكرد.

ڕاستە ئێستا لەڕووی قانوونی مافی گەلان‌و پەیمانی نەتەوە یەكگرتووەكان‌و دەستووری عیراقەوە، هەرێمی كوردستان بەشێكە لەتیریتۆری عیراق‌و دەكەوێتە نێو سنوورەكەیەوە. بەڵام بەگوێرەی دەستووری عیراقی فیدراڵ، كوردستان هەرێمە. هەرێم: سەرۆكایەتی‌و پەرلەمان‌و حكومەتی خۆی هەیە. هەرێم، لەسەر ئاستی عیراقی

فیدراڵ، کەسایەتی دەستووری‌و قانوونی‌و سیاسی خۆی هەیە. پێناسەی هەرێم، لەگەڵ پێناسەی دەوڵەتی سەربەخۆدا، هەر زۆر جیاوازەو ناتوانن لەهیچ ڕوویەکەوە یەکسان بن.

ئەمە ڕاستیەکە دەبێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەبەرچاوی بگرن‌و ڕێگە نەدرێت کەناڵێکی ڕادیۆ، یان تەلەفزیۆن، یان ڕۆژنامە، لەبری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ئەمنستی ئینتەرناشناڵ بدوێت. ڕۆژنامەو هەفتەنامەی ئەوتۆ هەیە، بەهەڵە لێکدانەوەی ((ئازادی بیرو ڕۆژنامەوانی)) کردۆتە بیانوو بۆ جوێندانی ((بازاڕی)) بەحکومەت‌و پەرلەمان‌و حزب‌و ڕێکخراوو پارێزگاو شارەوانی... داوو دەزگاکانی وەزارەتی داد ئەوەندە لاوازن، ناتوانن ((ئازادی))و ((مافی مرۆڤ)) لە ((دەستدرێژی))و ((تاوان)) جیابکەنەوە.

ئێمە بەچاوی خۆمان، دەبینین چۆن ڕۆژانە لەڕێگەی هەندێ لەمیدیای خوێنراوەوە کەرامەتی مرۆڤ



دەڕوشێنرێت‌و قسەی ناشرین دوای ئەم‌و ئەو دەخرێت! ڕەنگە یەکێك لێرە، هەر بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ناوی نەزڕێت، بەردێکی لەسەر دادەنێت‌و نقە لەخۆی دەبڕێت‌و وڵاتی تر (دادگا) دەهێنرێتە پێشەوە.

بەشێك لەمیدیا وادەزانێت ((ئازادی ڕۆژنامەوانی)) ڕێگەی پێدەدات سنوور ببەزێنێت، بەربەستی پەنگاو خواردنەوەی سۆزی نەتەوەیی، بۆ ئەودیوی سنوور بترازێنێت، بەئارەزووی خۆی، ئەوەی بەخەیاڵدا هات، بینووسێت‌و پێیوابێت، هیچ ڕوونادات!

سۆزی نەتەوەیی ئێمە شتێکە، دەبێ چوارچێوەکەی بەوردی لەبەرچاو بگرین. کوردێك لەکۆسۆڤۆ بێت، یان لەکوێتا بێت‌و بزانم غەدری لێکراوەو مافی خوراوە، کسپە لەجەرگمەوە هەڵدەستێ. ئەگەر من وەکو هاووڵاتیەکی گومناو، بەشێوەیەکی ڕێگەپێدراو دەستی یارمەتیم بۆ درێژکرد، یان بەنووسین داکۆکیم لێ کرد، ئەوە سەرۆکی پەرلەمان، یان کوردێکی سەرۆك وەزیرانی بەغدا بێت،

مەكتەبی بیروهۆشیاری

دەبێ وەکو سەرۆکی حکومەتی بەغدا بدوێتو هەڵسوکەوت بکات: بەیەکچاو سەیری عەرەبێکی جبایشو کوردێکی ئامێدیو تورکمانێکی تەلەعفەر بکات. هەموو هاووڵاتییەکی خەڵکی عیراق، ئەو بەسەرۆك وەزیری خۆی بزانێت، نەك تەنیا ئەندامانی حزبێکی کوردستانی، کە ئەو ئەندامی ئەو حزبە بێت. سەرۆك وەزیرانی بەغدا، با وەکو منو تۆ کوردیش بێتو ئەندامی حزبەکەمان بێت، ئەو بەهۆی پۆستەکەیەوە، دەبێ هەزار هێلانەی جاڵجاڵۆکە لەخۆی بئاڵێنێتو نابێ هەستو سۆزی نەتەوەیی خۆی، لەپێش قانوونو ڕێساو پرۆتۆکۆلی نێو دەوڵەتیەوە دانێت.

ئێمە بەدەست خۆمان نییە، بەهۆی ئەو چەوسانەوەو زوڵمو زۆرەی بەدرێژایی مێژوو لێمان کراوە، لەبەرئەوەی ڕژێمەکان، نادیموکراتی بوونو ڕێزیان لەمافی مرۆڤ نەدەگرت. ئێستا ئەو تۆزە ئازادیەی هەمانە، ئەو تۆزە بووژانەوە ئابوورییەی بەسەر هەرێمدا تێدەپەڕێت، ئیدی پێمانوایە، دەتوانین دەورێکی پۆزەتیڤ لەم سەرو ئەو



مەكتەبی بیروهۆشیاری

سەری دونیادا بگێڕینو نەهێڵین شەڕو پێکدادانی بێ بەرهەمو چەوسانەوەی بێتامو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕووبدات. ئێمە لێپرسراو بینو لێپرسراو نەبین، بەپشێوی ميناماڕو دارفوورو مۆگادیشۆ دڵتەنگ دەبینو پێمانباشە کۆتری ئاشتی بەسەر مێردەزمەکانی جەنگدا شەقەی باڵی بێتو نەهێڵێت مێروولەیەکیش زیانی پێبکەوێت.

ئەگەر مرۆڤ بۆ لێقەوماوێکی کەلکوتاو بۆگوتاو کەتمەندوو، خەمو پەژارە دایبگرێت، ئەدی بۆ یەکێکی هاوزمانو هاوچارەنووسو هاومێژوو، چۆن دەتوانێت چاو نوقاوبێتو هەستو سۆزی نەتەوەیی، کرو خامۆشو بێدەنگ بێت؟

لێپرسراوێکی سیاسی ناتوانێت سنووره سوورەکان نەبینێت، کە بە هەردوو دیودا کێڵگەی مین، بارانی شمشێری تووڕەییو ئاگر بارانە! لێپرسراوی سیاسی ناتوانێت پەیمانو ڕێکەوتنو ڕێساو پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی نەبینێت. لەناو دارستانی پەیوەندی ئینتەرناشناڵی،

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بیانووی هاوسۆزیو پەرۆشیو بە تەنگەوە هاتن زۆر لاوازە. ئەو کاتە رەنگە رێکخراوێکی وەکو ئەمنستی ئینتەرناشناڵو رێکخراوی دەستەخوشکی مافی مرۆڤ باشتر بتوانێ بجولێتەوە، نەك کەناڵێکی میدیای حکوومەتی، یان حزبی، کە زۆرجار بە کاڵو کرچیو بەبەڵگەی لاوازو بێ سوود، باس لەپێشلکردنی مافی مرۆڤ دەکات.

## بنکەی هێزی ئۆپۆزسیۆنی چەکدار

ئێمە بمانەوێتو نەمانەوێت پارتی کرێکارانی کوردستان هێزیکەو هەیە. ئێمە بیروبۆچوونو تێگەیشتنو پراکتیكو جیهانبینی ئەم حزبەمان پێ باش بێت، یان پێ باش نەبێت، ئێستا ئەوان بەشێکن لەهاوکێشەکان، بە ئامرازی سەربازیو زەبروزەنگ هەرەسیان پێناهێنرێت. تەنانەت گرتنی سەرۆکی حزبەکەو دەرکردنیان لەلوبنانو سوریا ساڵی ١٩٩٩ زیانی کاتی پێگەیاندن، بەڵام لەناوی نەبردن.



ئەگەر پ.ك.ك پێیوابێت، ئەوە خەباتی چەکدارو بەکارهێنانی زەبروزەنگ ئەو حزبەی کردۆتە هێزێکی رێکخراوی گەورە، ئەوە راستیان نەپێکاوەو بە هەڵە لەواقیعی سیاسیی ئەمرۆ تێگەیشتوون. سەردەمی شەڕی پارتیزانی، مۆدێلی ماوتسی تونگو چی گواراو هۆشی منە.. بەسەرچوو. لەلایەکەوە تەکنۆلۆجیای عەسکەری دژ بە شەڕی پارتیزانی، کاریگەرێتی خۆی هەیە. رژێمی پێشوو کاتێك زانی هەلیکۆپتەرو هێزی چەکداری باش راهێنراو، هێزی چەکداری بەکرێگیراوی خۆماڵیو راگواستنو..هتد. سوودی ئەوتۆی نییە، ساڵی ١٩٨٧و ١٩٨٨ بە خەستی چەکی کیمیاوی بەکارهێنا، بەبێ گوێدانە رای گشتی جیهانیو توانی زیانێکی قورس، بەبڕبڕەی پشتی هێزە سیاسیو چەکدارەکان بگەیەنێت. لەلایەکی ترەوە سروشتو پێکهاتەو ئەرازووی هێزەکان گۆڕاوە: حزبی دادو گەشەپێدان AKP بۆ دەنگدەری کورد دەست بە تاڵو بێ بەرنامە نییەو لەسەر شەقامی کوردی جێگەی خۆی هەیە.

لەناو پەرلەماندا، نوێنەرە کوردەکانی سەر بەپارتی دادو گەشـــەپێدان AKP ژمارەیـــان (٧٠) ئەندامـــە. ئەوانـــەی سـەربە DTP ژمارەیـان لەپەرلەمانـدا تـەنیا ٢٢ ئەندامـە. ئەمـــە بەڵگەیـــە لەســـەر کاریگـــەرێتی گوتـــاری سیاســـی ئـەردۆگانو عەبـدوڵڵا گویـل لەچاو دیـسکۆرسی حزبـەکانی سـلێمان دیمیریـلو بولنـد ئیـچڤیتو دینـز بایکـالو تانـسۆ چـیلەر. کەواتــە: مەترسـیەکی گـەورە هەڕەشـە لـەبوونو باڵادەسـتی شـەقامی ناسیۆنالیـستی کـوردی دەکـات، لەلایـەن ئیسلامی میانڕەوە.

بنکـەو بارەگـای پـارتی کرێکـاران لـە "قەنـدیل" هـیچ کاریگەرێتی بۆسەر چالاکی پـارتیزانی قـووڵایی کوردسـتانی بـاکوور نییـە. هێزێکـی پـارتیزان پـاش ٢٣ سـاڵ نـەتوانێ، لەسەر خاکی خۆی، جێپێی بکاتەوە. ئـەوە دیـارە ئـەو گەلـە چەکی ناوێو نایەوێت بەوشـێوەیە رزگـاری بێـت. ئیـدی بـۆ هێزێکـی سیاسـی هـەر سـووربێت لەسـەر ئـەوەی هـەرێمی کوردسـتان بکاتـە "ڤێتنـام" هـەر لەبـەر ئـەوەی لـەباکوور،



هاوکێـشە سیاسـیەکان، بەشـێوەیەك نـەگۆڕاوە، بـەقازانجی ئەوان بێت.

شـاڵاوی سـنووربەزاندنی سـەربازی تـورکی، زەرەرێکـی نەتەوەییو ئیقلیمیو نیـشتمانی گـەورەی لـێ دەکەوێتـەوە. حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانیش، ئـەملای تـاتو ئـەولای تاتە: ئایا رەوایە ئەم ئەزموونە، کە بـەری خـەباتی نزیکـەی (٩٠) سـاڵە لەسـەر لێـواری بورکـانێکی گڕگرتـوو، سـەمای پێبکرێت؟

ئایـا حکومـــەتی ئێرلەنـــدەی باشـــوور رێگـــە بەســـوپای کۆمـاری ئایرلەنـدی IRA دەدا، بنکـەو بارەگـا لـەباکووری (دبلن) دانرێتو دوو سێ هەفتە جارێك بـۆ چالاکی بـەرەو بلفاست بڕۆنو لەسوپای بریتانی بدەن؟

ئایا حکومەتی سـوریا رێگـە بەخـەڵکی جـۆلان دەدات لای (زبـدانی) و (بلـودان) مەعەسـکەرو ئۆردووگـا دابمـەزرێننو پەلاماری سوپای ئیسرائیلی بدەن؟



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەنێوان دەوڵەتاندا کۆمەڵێك پەیمانو ڕێکەوتنو پەیوەندی هەیەو نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، لەڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی (ن.ی). هەر دەستدرێژیو سنوور بەزاندنو دەستێوەردانێك، لەکاروباری ناوخۆدا، کێشەو ئاڵۆزی لێ دەکەوێتەوە. دانانی بنکەو بارەگا، لەلایەن هێزێکی ئۆپۆزسیۆنەوە، بەمەبەستی پشێوی نانەوەو پەرەپێدانی شەڕی پارتیزانی لەناو خاکی دەوڵەتێکی دراوسێ، ئەوە هیچ برگەیەکی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگەی پێنادات.

ئەمەی من دەینووسم، پەیوەندی بەشوێنو جێگەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەچوارچێوەی پەیمانو پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتیو تەرازووی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام من بۆ خۆم لایەنگری چارەسەری عەسکەری نیمو نامەوێ منداڵێکی ساواش خوێن لەپەنجەیەکی بێت. بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم هێزێکی نێودەوڵەتی گەورە، دەوری ناوبژیکەر بگێڕێت، لەنێوان



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لایەنە ناکۆکەکاندا. بۆ نموونە: یارمەتی پارتی کرێکاران بدرێت، ماڵئاوایی لەفەلسەفەی چەك هەڵگرتنو خەباتی چەکداری بکاتو ڕێگەی ئاشتیو خەباتی سیاسیو فەرهەنگیو پەرلەمانی بگرێتە بەر. دیواری ((قەندیل)) چەند بەرزو بڵندو بەهێز بێت، ناتوانێت لەڕووی ستراتیجییەوە خاڵی بەهێز بێتو دواجار زیانی گەورە لەداهاتوویان دەدات.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# لەئاسمانی ئەنقەرەدا
# ئاسۆی گۆڕان بەدی دەكرێت



مەكتەبی بیروهۆشیاری

گرژیو گێژاوی سیاسیی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستانو دەوڵەتی توركیا، دۆخێكی نوێو كەم وێنە، لەجیهانی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا بەرجەستە دەكات: دەوڵەتێكی بەهێزو هەژموونگەری ئیقلیمی، ناچێتە سەنگەرەوەو هەڕەشەی سنوور بەزاندن، لەحكومەتی هەرێمی - دەوڵەتێكی فیدراڵی دراوسێ، ناكات. لەم سەردەمەدا، نموونەی هاوشێوەو هاوڕەنگ، لەسەرانسەری ئەم دونیایەدا، بەدی ناكرێت. بۆ نموونە: ئەگەر سوپای هیند، بەهۆی كێشەی كشمیرەوە، بیەوێت پەلاماری پاكستان بدات، یان دەبێت سەرجەمی دەوڵەتی پاكستان بكاتە ئامانجی شاڵاوی عەسكەریو شەڕ دژی ڕابگەیەنێت، یان كشمیری پاكستان، بەتەنیا ناكرێتە ئامانجی پەلاماری عەسكەریو شەڕ دژی ((هەرێمێك)) یان ((بەشێك)) ڕاناگەیەنرێت.

ئەم دۆخەی ڕوویداوە، لەنێوان هەرێمی كوردستانو توركیادا، ڕەنگە لەمێژووی نەتەوە یەكگرتووەكاندا، ڕووی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

نەدابێت. کەواتە: مۆتیڤی کێشەی نێوان هەردوولا، کێشەی نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ نییە! تەنیا لەحاڵەتێك نەبێت، تورکیا لەئەجێندای ڕانەگەیەنراوی خۆیدا، هەرێمی کوردستانی بۆ ئاستی دەوڵەت، بەرز کردبێتەوەو حیسابی دەوڵەتی بۆ کردبێت، نەك ((پارچە))یەك لەدەوڵەتێکی فیدراڵی دراوسێ.

ئەو هاوکێشەیەی ئەم ماوەیە سەری هەڵداوە، لەزۆر ڕووەوە، ڕەنگە بەقازانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت، چونکە تەرازووی هێزی عەسکەریو ئابووریو تەکنەلۆجی هەردوولا، لەهەموو سەرەکانیەوە، هەر زۆر ناهاوسەنگن.. لەهەمان کاتدا، ئەم هاوکێشەیە، لەچەندین ڕووەوە، بەسوودی دەوڵەتی تورکیاش نییە. تێگەیشتنی هاوکێشە نوێکە، لەپلەی یەکەمدا، پەیوەندی بەشیکردنەوەو تێگەیشتنی پێکهاتەو سروشتو ستراکتووری هەردوو جەمسەری هاوکێشەکەوە هەیە.



ڕاستییەکی سادەو زانراو هەیە: سوپای تورکیا لەساڵی ١٩٨٣ بەدواوە (٢٤) جار، سنووری سووری بەزاندووە. هیچ جارێك ئۆپەراسیۆنی سەر تێریتۆریۆم Territoriality (خاك)ی عیراق، بەرزبوونەوەی شەپۆلی دەنگی نارەزایی، نە لەسەر ئاستی ناوخۆو نە لەسەر ئاستی جیهانیدا بەخۆیەوە نەدیوە. بازنەیەکی زۆر تەسكو کەم گوێپێدراوی ئۆپۆزسیۆنو دەرو دراوسێ، ئیدانەی کارەکەیان کردووەو هیچی تر. ئەو کاتە ژمارەی ئەکتۆر Akteur و جەمسەرو لایەنی تێکهەڵپژاو، دوو سێ لایەن زیاتری تێنەپەڕاندووە. بەلای کەمەوە، لایەنی پەلاماردراو (ڕەسمی: عیراق)، خۆی، بەزەقی تیشکی سەوزی بۆ لایەنی پەلاماردەر هەڵکردبوو، لەبنەوەش ئەوپەڕی هاریکاریو گۆڕینەوەی زانیاری موخابەراتیو عەسکەریو لۆجستی لەگەڵدا کردووە.

ئەمجارەیان، هاوکێشەکە سادەو بێ گرێو گۆڵو دوو جەمسەری نەبوو، یەکێك شاڵاوی عەسکەری بهێنێت،

لایەنی شاڵاو بۆ هێنراو، تیشکی سەوزی سنووربشکاندنی بۆ هەڵبکات! بەشدارانی هاوکێشەکە زۆرترنو بەرژەوەندییە ستراتیجییەکان، ئەوەندە گرنگو کاریگەرن، هیچ لایەنێك، هەروا بەئاسانی ناتوانێت، چاوپۆشی لەپلانو دەستپێشکەریو جوڵانەوەی ئەسپو قەڵاو فیلی لایەنی بەرامبەر، لەیاری شەترەنجی ئەمجارەدا بکات.

لەڕووواڵەتدا، دیوی دەرەوەی ڕووداوەکەی ئەمجارە، لە (٢٤) ئۆپەراسیۆنەکانی پێشوو دەچێت: مۆڵدانی سەرباز، لەسەر سنوورو هەڕەشەو تۆپباران... هتد.

لەدیوی ناوەوەی هاوکێشەکە، ڕاستی زۆر جیاواز بەدی دەکرێت، کە هیچ لێکچوونو هاوشێوەیی، لەنێوان ئێستاو ڕابووردوودا نابینرێت. یەکێك لەخاڵە جیاوازەکانی هاوکێشەی ئەمجارە، لەگەڵ هاوکێشەی هەشتاکاندا، ئەو کاتە کورد، هیچ دەورێکی نەبوو. ئەمجارەیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەو بەشێکی گرنگە لەهاوکێشەکان، کە هەر ئۆپەراسیۆنێکی عەسکەری دەرەکی دژی ئەم بەشە،



لەعیراقی فیدراڵی ئەنجام بدرێت، زیان بەسەرجەمی باری ئاسایش دەگەیەنێت!

ئێمە ئەگەر بەزمانی پەیوەندی نێودەوڵەتی، لەسەر ئەم هاوکێشەیە بنووسینو چەمکی زانستی بەکاربهێنین، دەبینین: هاوکێشەکە سادەو ساکارو دوو جەمسەری نییە. تەنیا دوو ئەکتوێر Akteur دەوری تێدا نابینن‌و ناتوانن بەئارەزووی خۆیان تەراتێن بکەنو کەس دەنگی ناڕەزایی دژیان بەرز نەکاتەوە. هاوکێشەی ئەمجارە، زۆر ئاڵۆزترو فرە ئەکتوێرترە Akteur. واتە: کۆڵەکە کاراو بزوێنەرەکان، پانتاییو ڕووبەرێکی فراوان بۆ خۆیان داگیر دەکەن. ئەمجارە، جگە لەعیراقو تورکیا، ئەمریکاو هەرێمی کوردستانو ئێرانو سووریاو ڕووسیاو ئوردنو میسرو سعودیە، هەر هەموو ئامرازو میدیۆمی Medium خۆیان دەبزوانەدو بەشداری چالاکانەیان لەئیدارەی هاوکێشەکە دەکرد. هەر بۆ نموونە: ئەمریکا بەفەرمانبەرێکی بچووکی وەزارەتی دەرەوە، بەشداری لەگفتوگۆو دانیشتنەکان، وەکو

چاودێر نەکرد، بەڵکو سەرۆك کۆمارو جێگری سەرۆك کۆمارو وەزیری دەرەوەو وەزیری بەرگریو باڵیۆزەکانی لەئەنقەرەو بەغداو دەیان دەزگای ڕاوێژکاریو لێکۆڵینەوە، هەر هەموو، بەگەرمی لەسەر خەت بوون.

لەتورکیاش ((پڕۆژە)) کە تەنیا دەستوەشاندنێکی سەربازیی ڕووت نەبوو، تەنیا دەستەیەکی باڵای سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکی پێوەی سەرقاڵ نەبوو، هەر هەموو، سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییو سەرجەمی سەرۆکایەتی سوپاو پەرلەمانو دەستەی ڕاوێژکارو میدیاو ... هتد. بەگەرمی بەشدارییان لەگفتوگۆو بڕیار دارشتن دەکرد. دەوڵەتانی دراوسێ کۆنگرەیەکی گرنگیان لەرۆژی ٢٠٠٧/١١/٢ لە ئەستەمبووڵ بەستو لەوێ هەندێ بڕیاری چارەنووسساز درا. کۆنگرەکە، لەڕووی سیاسیەوە، کۆمەڵێك گۆڕانی لەبیرو هەڵویستو پلانی لایەنە بەشدارەکانی



دروستکردو هەریەکەش دەستکەوتو قازانجی خۆی، کەمو زۆر دەربڕی.

ئەمجارەیان پاش گرژیو هەڕەشەو دان لەیەك جیڕکردنەوە، لەبری دەنگی تۆپو فڕەفڕی هەلیکۆپتەرو فڕۆکەی (ئێف ١٦)، زمانی عەقڵو مەنتیقو دیپلۆماسی، کەوتە گەڕ، پەراوێزی دیالۆگ لەنێوان تورکیاو ئەمریکا، هێزە سیاسیو عەسکەرییەکانی تورکیا، پەرلەمانتارو رووناکبیری کوردو تورك، دەستی پێکرد. لای هەموو لایەك، قەناعەتێك خەریکە بالادەست دەبێت، کەزمانی لوولەی تفەنگو تۆپو هەڕەشەو گوڕەشە، ولات بەرەو هەڵدێری کارەسات دەبات.

ئەمریکا، بەراشکاوی ئەوەی دەربڕی، کە پارێزگاری هێمنیو ئاسایشو ئاشتی لەکوردستاندا، هەر زۆر لاگرنگەو نابێ ئەزموونی ئیدارەی هەرێم پێشێل بکرێتو نابێ ئەم ناوچەیە وەکو ناوەڕاستو خوارووی عیراقی لێ بێت. چونکە هەموو هیوای ئەمریکا ئەوەیە، ناوەڕاستو



مەکتەبی بیر و هۆشیاری
مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

خـواررووی عـیراق وەکـو کوردسـتانی لـێ بێـت، نـەك بـە پێـچەوانەوە. ئـەمریکا، هـەموو شـانازییەکی، ئـارامیو ئاسایشو دیموکراتی هەرێمی کوردستانە، ئێرەش رەوانـەی ناو لەپی مێردەزمەی تیرۆر تەقینەوەو ئاژاوە بکرێت، واتـە: ئەمریکا دەبـێ "باروبارگەی سوپاییو دیپلۆماسیو رەنجی پێنج ساڵەی خۆی لەعیراقدا تێکنێوماڵئاوایی یـەکجارەکی لەرۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بکـات" ئەمـەش تـەنیا واتـای سـەرکەوتنی لـۆجیکی هێـزە تیرۆریـستەکان دەگـەیێنێتو هیچی تر.....

هـەر لەئێـستاوە، خەریکـە ڕەوینـەوەی پەڵـە هـەوری گرژیو تـووڕەیی، لـەدوورەوە بـەدی دەکرێت. لـەناو ژووری عەمـەلیاتی سـوپاییو سـەنگەری رقو ناحەزیـدا، بزیزکـەو دووکەڵو چەخماخە، بەدی ناکرێت. لەهـەڵۆ پیرەکانی نـاو سـوپاوە، ئامـاژەو پـەیام برووسـکەی راسـتەوخۆو ناڕاسـتەوخۆی لێکتێگەیـشتنو سـەلماندنو دان نـان بـەمافی ئەوی تردا دەخوێنرێتەوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

راستە قسەکانی کەنعان ئەڤرەن، سەرۆکی کودەتای ١٩٨٠و شەشـەم سـەرۆك کۆمـاری تورکیـا ١٩٨٢ قـسەی رەسمـی حکوومەتی تورکیا نییە، بـەڵام قسەی ئـەم، ئێـستاش لـەناو دامەزراوەی عەسکەریدا کێشو قورسایی خـۆی هەیـە. ئـەو لەم کاتەدا، دان بەهەڵەی دەوڵەتی تورکیادا دەنێت، کە ساڵی ١٩٨٣ بـەماددەی ٣٦ی دەسـتووری سـاڵی ١٩٨٣ زمـانی کـوردی قەدەغـە کـراوە. ئـەم هەڵوێـستە، جێگـەی تەقـدیرەو لـەم کاتـەدا دەوری هێورکـەرەوە دەبینێـت، بەرامبـەر دەنگـە تووڕەو شەڕخوازەکان.

پەیڤینەکانی دینز بایکاڵ، سەرۆکی پارتی گـەلی کۆمـاری (جەهەپە) ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/٩ جـەختکردنی لەسـەر پێویـستی حکومەتی تورکیا لەڕوانگەی تێگەیشتنی خـۆی بـۆ هـەرێمی کوردسـتان بگۆڕێـتو تورکیـا لـەڕووی کولتوورییـەوە هـەوڵ بدات پردو ڕایەڵ لەگەڵ هـەرێمی کوردسـتان دابمـەزرێنێت. ئەم هـەنگاوەی بایکـاڵ لەلایـەن سـەرۆك کۆمـارو حکومـەتی هەرێمی کوردستانەوە بەرز نرخێنرا.

رۆژی ٢٠٠٧/١١/١٨ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ڕاستەوخۆ پەیامێکی ئاڕاستەی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد، کە ئێستا لەبەردەم دووڕیانێکدا وەستاوە، یان دەبێ دەست لەشاخ بەرنەدات، یان دەبێ لەپرۆسەی سیاسییدا بەشداری بکات.

ئەم هەموو پەیامو ئاماژەیە، ڕووداوی ئاساییو سادە نییە. هەر هەمووی نیشانەو هێمای هەرەس هێنانو داڕووخانی دیواری بەستەڵەكو سەهۆڵبەندانی ئایدۆلۆجیایەکە، کە بناغەی دەوڵەتێکی لەسەر دانراوە! لەم چرکەیەدا، کە دیواری پۆڵایین، درزو کەلێنی تێدەکەوێتو کۆمەڵانی خەڵکی بواری جوڵانەوەو کرانەوەی دەروویەکی نوێیان لەبەردەمدا کراوەتەوە، هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە، هێزێکی سیاسی، بیەوێت بەپێچەوانەی تەوژمی ڕووبار، مەلە بکات...



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ترسێكی زۆر گەورە

# لە ( خشە ) یەكی زۆر بچوك



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەرخ لەگورگ بترسێت، شتێكی ئاسایی‌و چاوەڕوان كراوە، بەڵام گورگێكی سامناك‌و برسی لەبەرخۆلەیەكی تازە لەدایك بوو، بترسێت، ئەوە دەبێ هەزارو یەك نیشانەی پرسیاری چاو بزو زیتەڵ، بەداوی یەكتردا دابنرێت! دەبێ ئەو بەرخۆلەیە، دە ئەوەندەی ئەو گورگە بەهێز بێت‌و كەڵبەی شەش ئەوەندەی ئەو تیژ بێت، ئینجا مرۆڤ بۆی هەیە، لە ((ترس))ی ئەو گورگە داماوە تێبگات‌و ڕاڤەكاری بۆ بكات.

هەرێمی كوردستان، ئەگەر لەڕووی دەستووری‌و مافی گەلان‌و پەیمانی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە سەیری بكەین، هیچ سەربەخۆیی بۆ دەستەبەر نەكراوە. هەرێمی كوردستان، بەشێكە لەدەوڵەتی عیراقی فیدراڵ‌و هەمیشە دەبێ لەگەڵ سیاسەتی (ناوەندی - فیدراڵی) خۆی بگونجێنێت‌و پەیڕەوی سیاسەتی (توافق) بكات. هەرێمی كوردستان ناتوانێت لەدەرەوەی بازنەی دەستووری عیراق، ڕێگەی جیاواز بۆ خۆی هەڵبژێرێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سامناکترین خالّی لاواز، لەسیستمی فیدرالّی ئێستادا، ئەوەیە فیدرالیزمی سیاسی، بێ پەرو بالّو دەنووکە، زەرنەقووتەیەو لەناو هێلانەی عیراقدا، چاوەڕوانی ڕێژەی ١٧٪ میزانیەی گشتی عیراقە، کە تەنیا ئەو بەشەی لەمیزانیەدا دیاری کراوە، ڕەوانەی میزانیەی هەرێم دەکرێت، بەپێچەوانەوە. واتە: ئەگەر ڕێژەی ٩٩٪ داهاتی نەتەوەیی عیراق، سەرچاوەکەی نەوتی کوردستان بێت، یان ١٪ بێت، ئەوان تەنیا ڕێژەی ١٧٪ بۆ ئێمە دیاری دەکەن. دەتوانن، یان پێیان باشە، چەندی پێیان دەکرێت، لێی دابشکێنن، بەلاّم قەت ئامادەنین، لەوە پتر بدەن.

کەواتە: فیدرالیزمی ئابووری پەیڕەوی ناکرێتو کەس باسیشی لێوە ناکات. فیدرالیزمی سیاسی، تەواوکەری هەیە، کە ((فیدرالیزمی ئابووری))یە. فیدرالیزمی ئابووری، دەبێ ئەوپەڕی بایەخی پێبدرێتو لەڕیزی یەکەمی سەرنجدانی ئێمەدا بێت. قسەکردن لەسەر ((فیدرالیزمی سیاسی)) بەبێ گرێدانی بەفیرالیزمی ئابوورییەوە، تەنیا هەلّکردنی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بالّۆنی سیاسی زەردو سوورە، کە هیچ پرۆژەیەکی کاری ئێمە، چەند گرنگو بەقازانجیش بێت، سەرکەوتنی بۆ نانووسرێت.

کوردستان، قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی هەبا، ئابوورییەکی بەهێزو پیشەسازییەکی پێشکەوتووی دەولّەمەندی هەبا، سوپایەکی باش مەشق پێکراوی تۆکمەی هەبا، چەکی ئاسمانیو نوکلیاری هەبا، ئیدارەیەکی سیاسی مۆدێرنو توندو تۆلّو یەکگرتووی هەبا، دەولّەتێکی زلهێزی جیهانی، بەهەموو شێوەیەك پشتیوانی لێ کردبا، تەنیا ئەو کاتە هەقە دەولّەتانی دراوسێ حیسابی زۆر وردی بۆ بکەنو لەبچوکترین ((خشە))و ((مشە))ی بترسنو حەزەری خۆیان لێ بکەن.

((ترس))ی گەورەی دەولّەتانی دراوسێ، ئاراستەی پرۆژەی داهاتووی کوردستان کراوە، هاوکێشەکە ئێستا، بەرە بەرە، یان کوتو پڕ سەروبن بێت. بارودۆخی داگیرکراویو ژێر دەستەییو گرێدانی بەزۆرەملێی بەدەولّەتی ناوەندی

مەکۆی بیر و هۆشیاری

دراوسێیوە بۆ ((ڕزگاری))و ((جیابوونەوە))و ((یەکگرتنەوە)) بگۆڕدرێت! ڕزگاریو جیابوونەوەو یەکگرتنەوەی کوردستان، ببێتە هۆی سەرلەنوێ دارشتنەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

ئایا دەوڵەتانی دراوسێ پێیانوایە (هەرێمی کوردستان) دەبێتە هەوێنی (دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان)، یان مەسەلەکە تەنیا فەنتازیاو ترسو دڵەڕاوکێیەکی بێ بنچو بناغەیە؟

ڕاستە ئەمڕۆ، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەلێکی غەدر لێکراوی، پارچە پارچەکراوی، داگیرکراوی، ماف زەوتکراو هەیە. ئەم گەلە، یەك زمانی هاوبەشو یەك مێژووی هەیە. بچوکترین زوڵمو زۆر لەکوردێکی سابلاخی بکرێت، نەك تەنیا کوردی کرماشانو گەیلان غەرب، دڵی بۆی دێشێت، بەڵکو کوردی مەنبەجو دەرسیمو شەنگارو مەندەلیو دیار بەکرو هەیمەنە، ئەوپەڕی سۆزو پەرۆشی خۆیان پیشان دەدەن.



مەکۆی بیر و هۆشیاری

هاوزمانیو هاوسۆزیو هاومێژوویی نابنە بەردی بناغەی دروستبوونی یەك دەوڵەتی یەکگرتووی سەربەخۆ! ئەوە (٢٢) دەوڵەتی عەرەب هەن، هاوزمانو هاودینو هاوسۆزو هاومێژوون. زۆر کەسایەتی ناسیۆنالیستو چەندین بزاڤو حزبی نەتەوەیی پڕۆژەی یەکگرتنەوە (الوحدة العربية)یان خستەڕوو، میسرو سوریا ماوەیەك یەکیان گرت. لەعیراقو سوریا یەك حزب، بەکودەتا دەسەڵاتی گرتە دەست، کەچی ئێستا لەسەرانسەری وولاتە عەرەبیەکاندا، هیچ ئارەزوویەکی توند بۆ یەکگرتنەوە بەدی ناکرێت. بەپێچەوانەوە تا دێت گیانی ئیقلیمچێتیو دەوڵەتگەرێتیو تایەفەگەرێتی باڵادەستتر دەبێت. پڕۆژەی یەکێتیو یەکگرتنەوەو سۆسیالیزم لای حزبی بەعسی عیراقی لەعۆجەو تکریت لەنگەری گرت. سۆسیالیزمەکەشیان بەدۆزەخی کیمیایی بارانو ئەنفالو چەکی کۆمەڵکوژ کۆتایی پێهات!

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین، جگە لەبەرازیل،هەر هەموو بەئیسپانی دەدوێن، مەسیحی کاتۆلیکن، ڕەگو ڕیشەو مێژوویان بۆ ئیسپانیا دەگەڕێتەوە. ئەوە من بوونی گەلانی ڕەسەنی ئەمریکای لاتین پشت گوێ ناخەم، کە پێش هاتنی شەپۆلی کۆلۆنیالزمی ئیسپانی، ئەوان لەوێ ژیانو ژیاری مەزنی خۆیان هەبووە. بۆ پۆرتوگالیەکان دەوڵەتی بەرازیلیان دامەزراند، کەچی ئیسپانیەکان بەسەر چەندین دەوڵەتی وەکو (ئەرجەنتینو مەکسیكو شیلیو ئۆروگوایو پۆلیڤیاو کووبا... هتد) دابەش بوون؟ لەوە دەچێ نموونەی وڵاتانی عەرەبیو ئەمریکای لاتینی، بەقازانجی فاکتەری هاوزمانبوونو هاومێژووبوونو هاودینبوون هاوکولتووربوون نەبێت. ئیدارەو بەڕێوەبەرایەتی جیاواز، کولتووری ناوچەیی دەوری گرنگترو کاریگەرێتی فراوانتر بگێڕێت. واتە: سەرخان (زمانو کولتوورو دینو مێژوو..) ئەوەندەی ژێرخان دەور ناگێڕێت: ئەوەندەی ئیدارەی ئابووریو سیاسیو داوو دەزگای دراویو پەروەردەییو



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەرژەوەندی شەخسیو مادی، بەپێویستو گرنگ دادەنرێت، خەبات بۆ یەکبوونو لەپێناوی یەکگرتنەوەدا، ئەوەندە لەژیانی ڕۆژانەدا، بەچارەنووسسازو بایەخدار نابینرێت.

سەردەمی یەکگرتنەوەی میرنشینو دەوڵەتۆکە چکۆلەکانی مۆدێلی بسمارك، یان یەکگرتنەوەی شارە دەوڵەتو میرنشینو حکومەتە ناوچەییەکانی ئیتالیا، لەژێر ئالآی گاریبالدی، بەسەرچوو. ئەم مۆدێلانە، لەهەلو مەرجی ئێستادا، بەهیچ شێوەیەك نایەنەدی. جیهان بەسەر چەندین دەوڵەتدا دابەش بووەو هەر دەوڵەتێکیش ئەندامە لەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕاستە دەوڵەتی سۆڤێت، دینامیکیەتی گەشەکردنی خۆی، گەیاندیە بنبەستو بەسەر چەندین دەوڵەتدا، هەڵوەشایەوە. لەهەمان کاتدا سوپای عیراق سنووری کوەیتی بەزاندو بەداگیرکردن داگیری کردو کردیە پارێزگایەکی عیراق. نە دەوڵەتە عەرەبەکانو نە دەوڵەتە ئەوروپییەکان بەو کارە

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ڕازی بوونو گەورەترین لەشكركێشی ساڵی ۱۹۹۱ كرایە سەر ڕژێمی ئەوسای عیراق.

كەواتە: مۆدێلی یەكگرتنەوەی نەتەوەیی، بەشەڕو شۆڕو زەبرو زەنگو ئامرازی عەسكەری سەدەی ۱۹ بەرهەمی هەبوو، بەڵام لەناوەڕاستو كۆتایی سەدەی بیستەمدا، هیچ بەرهەمێكی نەبوو. نە هەوڵو تەقەلاو یارمەتی جەمال عەبدولناسر لەیەمەن سەری گرت، نە یارمەتی عەسكەرە كودەتاچییەكان، بەرەو یەكگرتنەوەی نەتەوەیی، توانی هەنگاو بنێت. ناسیۆنالیستەكان، دەیانتوانی خۆپیشاندانی گەورە ڕێك بخەنو سروودی حەماسی خوێناوی، بەدەنگی بەرز بڵێنو گوتاری ئاگرین بخوێننەوە، بەڵام كەس ئامادە نەبوو، دەس لەبەرژەوەندی ناوچەییو دەسەڵاتو دەستكەوتی تایبەت، لەپێناوی زمانی هاوبەشو دینی هاوبەشو مێژووی هاوبەش هەڵبگرێت.

من بەڕاشكاوی ئەو ڕاستیەش دەنووسم، لەبارودۆخی ئێستادا، ساكارترینو بچوكترین زەمینەی ((جیابوونەوە))و



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

دروستكردنی دەوڵەتی یەكگرتوو نییەو لەداهاتووی زۆر نزیكیشدا ئەو زەمینەیە دروست نابێت. خەو بینینو خەون، مافێكی ڕەوایە. هەموو كەسێك دەتوانێ جوانترین خەون ببینێت. من بۆ خۆم نالێم: ئەوە تاوانەو قەدەغەیەو زیانی هەیە! هەر شتێك قەدەغەكراو پەلامار دراو سەركوت كرا، دە ئەوەندە شیرینو خۆش دەبێت. نازییەكان سالانی ۱۹۳۳ ـ ۱۹٤٥ دەیانویست، دەوڵەتو ناوچە ئەڵمانییەكان یەكبخەنەوەو پەلاماری پۆلۆنیاو فەرەنسایانداو سوپای نازی ڤیناو پراگی داگیر كرد.

هستیریای نەتەوە پەرستیو ڕەگەز پەرستی، دووەم جەنگی جیهانیی هەڵگیرساندو پەنجا ملیۆن مرۆڤ بوونە قوربانی، لەژێر دروشمی: ((یان سەركەوتنی ڕەها، یان ژێركەوتنی ڕەها)) ڕق هەستان لەگەلانی تر، گەورەترین كارەساتی بەدوادا هات. ئەڵەمانەكان زۆر ناوچەیان دۆڕاندو ۸۰٪ وڵاتەكەیان ساڵی ۱۹٤٥ لەگەڵ خاكدا یەكسان كرا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەڵەمانەکانی سویسرا، کە نزیکەی ٧٣٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن، ڕاستە ئینکاری ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان ناکەن، بەڵام خۆیان بەسویسری دادەنێن و قەت نەیانویستووەو نایانەوێ ببنە بەشێك لەدەوڵەتی ئەڵەمانیای فیدڕاڵ. نەمساییەکانیش بەهەمان شێوە، شانازی بەمێژووی خۆیانەوە دەکەن و سوورن لەسەر ناسنامەی خۆیان. هەرچەند لەڕووی زمان و ئایین و مێژووەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەڵەمانیاو نەمسادا نییە. تەنیا هیتلەر و چەند کەسێکی تر، کە خەڵکی نەمسا بوون، نەیانتوانی جیاوازییەکان ببینن، کە باجەکەی زۆر قورس لەسەر ئەورووپا کەوت.

شیعرەکانی بابلۆنیرۆدا، لەسەرانسەری ئەمریکای لاتین و ئیسپانیا دەخوێنرێتەوە. گابریل گارسیا مارکیز لەبۆگۆتا لەدایك بووەو بەئیسپانی دەنووسێت. چیرۆکەکانی لەبۆینس ئایرس و ڕیۆدۆجانیرۆ و کاراکاس وەکو یەك دەخوێنرێنەوە.



ڕۆژنامەی (تسویرشە تسایتۆنگ Zürche Zeitung) لەشاری زیورخ (تسویرش) دەرچێت، بەڵام لەڤیناو بادن بادن و فرایبوورگ وەکو یەك دەخوێنرێتەوە. کافکا لەپراگ چیرۆکەکانی نووسیوە، بەڵام خەڵکی بازل و کاسل و شتایەرمارك وەکو یەك دەیانخوێننەوەو چێژی لێ وەردەگرن.

لەوێ ئەوەش ئاساییە: بەیانی لەهامبوورگ بەرچایی بکەیت و نیوەڕۆ لەڤینا بیت و نانی ئێوارە لەلووتسێرن بخۆیت. کەس لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و بیروباوەڕی ئایینی زمان لەلایەن پۆلیسەوە تەنگی پێ هەڵناچنرێت و دەست ناخرێتە ڕێگەی. لەهەروڵاتێك مرۆڤ ئیجازەی کاری هەبێت، دەتوانێت کار بکات. ئەگەر لەهەر شوێنێك نەخۆش کەوت و بیمەی تەندروستی هەبوو، ئەوە دەتوانێت بچێتە دکتۆر و دەردەکەی دەرمان دەکرێت.... هتد.

لەسەردەمی جیهانگیریدا مافی مرۆڤ و ئازادی تاك و دەوڵەتی قانوون و کولتووری دیموکراتی و ((یەکێتی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کولتـووری))و عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی هـەر زۆر لەهەنـدێ قەوارەی بەتاڵو دواکەوتووی نەتەوەچێتی گرنگترە.

ئەگـەر دەوڵەتـە ناوەندییـەکانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، سیستمەکەیان بەرەو فیدراڵیو دیموکراسی بەرن، ئەو کاتـە، هەر هەرێمێك، رەنگە بیەوێت لەسنووری دەوڵەتـە فیدرالـە دیموکراتەکەی خۆیدا بمێنێتـەوەو هـەرێمێك یـان یـەك دوو هـەرێمی خـۆی هـەبێت. ئـەو کاتـە نـە "جیابوونـەوە"و نـە دەوڵەتی یەکگرتووی دەوێ. گرنگ ئەوەیە ئەو "ئـازادی"یـە هــەبێتو مافــەرەواکانی پێــشل نــەکرێت. رۆژنامــەی "کوردستانی نوێ" لەماردینو وانو حەسەکەو سەردەشتو مەریوانو هەولێر وەکو یەك بڵاو بکرێتەوەو بخوێنرێتەوە. یـەکێك ویـستی، بەرچـایی لەکرماشـان بکـاتو نـانی نیـوەڕۆ لەدهۆك بخواتو ئێـوارە لەدیاربـەکر بخـەوێت ئاسـایی بێـت. ئەمەیــە "یــەکێتی کولتــووری" گــرنگ ئەوەیــە زمــانو دەربڕینـی ئـازاد بێـت. نووسـینو بڵاوکردنـەوە، بـەکوردی قەدەغــە نــەبێت. مــافی مــرۆڤ پێــشێل نــەکرێتو کــارو



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەسـابەتو بازرگـانی، لەچوارچێوەو قاڵـب نـەدرێت، لەبـەر ئـەوەی کوردسـتان گـەمارۆی لەسـەرە. ئـەو کاتـە (هـەرێمی کوردستان) جێگەی مەترسی نابێـت. بەپێـچەوانەوە، رەنگـە وەکـو فـاکتۆرێکی ئاسـایشو هێمنـیو ئـارامی کۆمەڵایـەتی، دەورێکی ئیجابی گەورە لەناوچەکەدا بگێڕێت.

مه كتبه‌ى بيروهوشيارى

# بڵاوكراوه‌كانی مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

## ٢٠٠٧

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠ | عیراق، سه‌رده‌می ساغ بوونه‌وه | به‌كر صدیق | ٢٠٠٧ |
| .٢١١ | تیرۆرو سه‌قامگیری سیاسیو چه‌ند لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كه تر | به‌كر صدیق | ٢٠٠٧ |
| .٢١٢ | كه‌ركوك بۆ مێژوو ده‌دوێت | سه‌رپه‌رشتیار/ مامۆستا جه‌عفه‌ر | ٢٠٠٧ |
| .٢١٣ | ده‌ستورو ژن | و: كامیل محه‌مه‌د قه‌ره‌داخی | ٢٠٠٧ |
| .٢١٤ | ژان ژاك رۆسۆ | كاوه جه‌لال | ٢٠٠٧ |
| .٢١٥ | مبدئ الفصل بين السلگات و وحدتها | القاچی / لگيف مصگفی أمين | ٢٠٠٧ |
| .٢١٦ | بنچینه‌كانی كورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسكی<br>و. نه‌جاتی عه‌بدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| .٢١٧ | له‌دیكتاتۆریه‌وه بۆ دیموكراسی | كارزان محه‌مه‌د | ٢٠٠٧ |
| .٢١٨ | كه‌ركوك له‌سه‌رده‌می ده‌وڵه‌تی عوسمانیدا | گۆران سالّح | ٢٠٠٧ |
| .٢١٩ | زمانه فه‌رمیه‌كان | تاریق جامباز | |
| .٢٢٠ | ئه‌نفالو دادگا | سالار مه‌حمود | ٢٠٠٧ |
| .٢٢١ | نۆڤین _ ١٠ _ | – | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٢ | الكرد | د.نوری تاڵه‌بانی | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٣ | هه‌ڵۆی سوور (چاپی دووه‌م) | مامۆستا جه‌عفه‌ر | ٢٠٠٧ |



مه كتبه‌ى بيروهوشيارى

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٢٤ | مام جه‌لال | مامۆستا جه‌عفه‌ر | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٥ | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعيد محي الدين | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٦ | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٧ | سه‌رۆك وه‌زیرانی به‌ریتانیا | و: ئاوات عه‌بدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٨ | رێبازی لێكۆڵینه‌وه له‌زانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٩ | رێكخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان | و. كارزان عومه‌ر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٠ | تیرۆر | هیمداد مه‌جید عه‌لی | ٢٠٠٧ |
| .٢٣١ | گه‌نجه كورده‌كان | فه‌رهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٢ | به‌عسیزم و كورد | سۆزان كه‌ریم مسته‌فا | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٣ | به‌رێوه‌بردنی كۆبونه‌وه‌كان | محه‌مه‌د فاتح | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٤ | شاری كه‌ركوك | پشكۆ حه‌مه تاهیر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٥ | میرعه‌بدال خانی بدلیس | بوار نوره‌دین | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٦ | فه‌لسه‌فه ـ رۆشنگه‌ری، فێنده‌مێنتالیزم | و. شوان ئه‌حمه‌د | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٧ | عێراق، قه‌یرانی ئاسایشو ستراتیژێتیو بنیاتنانه‌وه‌ی | فه‌رزه‌ند شێركۆ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٨ | نۆڤین ژماره ـ ١١ ـ | - | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٩ | الحقوق السياسية للكورد فی الدول التی تضم كردستان | ليلاف حمد أمين عزيز | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٠ | مێژووی شۆرشی روسیا | لیۆن ترۆتسكی<br>و. عه‌زیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤١ | ده‌روونناسی جه‌ماوه‌ری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هه‌ژار جوانرێی | ٢٠٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣. | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٤. | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٥. | تأريخ تركيا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تكريتي | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٦. | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٧. | نۆڤین ـ١٢ـ | ـ | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٨. | المنطقة المتنازع عليها | د.خليل اسماعيل محمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٩. | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٥٠. | سۆسیال دیموکراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.